www.kurdistannet.org
30-4-2002 23:46

# له زیندانی ئاسایشی سلەیمانییەوە ، سڵاو !!

**بیرەوەری ڕۆژانی زیندان**

**<u>4.23 تـــا 1996.5.4</u>**

Ebas SHIWAN
a.shiwan@kurdpost.com

هۆڵی ئەحداس یان ژووری منالآن له گرتووخانەی دەزگای **ئاسایشی سلەیمانی** ، له چاو هۆڵەکانی تردا باش و خۆشتر بوو. هەرکەسێك تاوانەکەی سووك بووایه یان **ڤیتامین واوی** ، یاخود کەسایەتی و قورساییەکی هەبووایه ئەو هۆڵه شوێنی بوو. تەنانەت پۆلیسه سەرپێچیکەرەکانیشیان شەوانه دەخزانده ئەوێوە.



12ڕۆژی زیندانم لەو شوێنه لەگەڵ سیانزه مێردمناڵ و گەنج بەسەر برد. ئەوانه بەتۆمەتی سیخوری بۆ **ئێراق** و **ئێران** گیرابوون ، ماوەی حوکمیان 3 تا 20 ساڵ بوو ، هەیان بوو سێ ساڵی تەواو کردبوو ، کەچی تازەبەتازه تەمەنی خۆی له هەژده ئەدا. بەگشتی حوکمدراوانی گرتووخانەکه 80 85 کەسێك دەبوون ، زووربەیان خەڵکی قەزاو ناحییەکان بوون.

ئەو منالآنه هەروەك پەرەیەکی سپی وابوون فلآن و فیسار پارت و دەوڵەت بۆ بەرژەوەندی خۆیان به مشتێ پاره تووشی چەرمەسەرییان کردبوون و کاری تیرۆریستی جۆراوجۆریان لەم گۆشه و ئەو گۆشه پێ ئەنجام دابوون !!

ئەوانه خۆیان به مەغدوور دەزانی ، کاڵەکی پەشیمانیان به ئەژنۆ دەشکاند ، لەباری دەروونییەوە تێکشکابوون ، چوونکه بڕیاری لێبووردنیش نەیدەگرتنەوە. ئەوەی دڵیان پێی بەستبوو بەرقەرار بوونی ئاشتی و ڕێکەوتنی PUK و KDP بوو ، ئێ بەڵکوو لەگۆڕانکارییەکی وادا ئاوڕێکی بەرەحمیان لێ بدرێتەوە.

ئەو زیندانیانه لەداخ ئەوەی دامودەزگای PUK گرتبوونی و جەزرەبەیان خواردبوو ، لایەنگری KDPیان دەکرد ، بەردەوام عەوداڵی گوێگرتنی ڕادوێی **دەنگی کوردستان** بوون. لەڕاستیدا ئەوانه قوربانیانی

©Kurdistan Nêt

ئەو هەڵومەرجە سەخت بوون کە بەهۆی گەمارۆی ئابووری هاوپەیمانانەوە بەسەر خەڵکی ئێراق و کوردستاندا سەپا بوو.

بەهۆی مناڵبوونیانەوە بێجگە لە ئیهانەکردنی زۆر ، جۆرەها بێگاری دائیرەکە یان کاری ناشایستەی وەك خۆڵ ڕشتن و پاکوتەمیزی گەرماو و ئاودەستخانە ، تەنانەت شتن و پاککردنەوەی ماڵی بەڕێوەبەری گشتی ئاسایش مامۆستا شاهۆ شیان پێدەکردن !





لەبەر ئەوەی بەندییەکان مناڵی خەڵکی زەحمەتکێش بوون ، زۆر بە کەمی کەسوکاریان سەردانیان دەکردن. مواجەهە هەر 14 ڕۆژ جارێك بوو ، مناڵی وایان تیابوو ، چەند مانگ دەبوو کەس نەهاتبوو بۆ لای !؟ ژمارەیەکیشیان کە هەژارترینیان بوون ، ناچار بۆ بەرێچوون کرێکارییان دەکرد : جلوبەرگ و قاپ و قاچاغ شۆردن ، ئاوگەرم کردن ، پاکوتەمیز ڕاگرتنی هۆڵ ،...هتد. ئەم کرێکارانە لە هۆڵەکانی تریش هەبوون.

بەگشتی بەندییەکان گیانیان بە ڕێکخراوە مرۆڤ دۆستەکانی وەك خاچی سووری نێودەوڵەتی بوو. مانگی جارێك سەردانیان دەکردن ، پێویستییە سەرەتاییەکانیان بۆ دابین دەکردن : بەتانی ، تراکسووت ، فالینە و دەرپێی ژێرەوە ، فڵچە و دەرمانی دانشۆردن ، سابوون و تایت ، گوێزان و سابوونی ڕیش تاشین ، پەرتووك ، تاوڵە و دۆمینە و شەترەنج ،...هتد.بێجگە لە خۆراك کە لەلایەن مانگی سووری ئێرانی و تورکییەوە دابین کرابوو. هەموو نیوەڕوانێك چێشتی برنج و شلە بەسەر زینانییەکاندا دابەش دەکرا.

ئەو شت و مەك و خۆراکانە کاربەدەستانی گەورە و بچوکی دائیرەی ئاسایش بەزیادەوە گەر لێیان نەبردایە ئەوا بەشێکیان پێدەبڕا و مشەخۆرانە لێی دەوەڕان ، ئاسایشەکان بەهۆی گیراوەکانەوە حەسابوونەوە ، خوا بیانکات بە قوربانی ئەو ڕێکخراوانە ، ئەگینا ئەو PUK یە سپڵی لاورگە و شایەنی ئەو شوێنە نییە ، بەس دەڵێی چی ڕووی بێ بەدیلی رەش بێت.

©Kurdistannet

ئەگەر پرسیاری رەوش و هەلومەرجی ناو زندانەکە بکرێت ئەوا دەبێت بووترێت لەچاو چەند مانگی لەوەبەردا چاکتر بووە: شوێنی خەوتنیان فەرحتر ، گەرما و ئاودەستخانە زۆرتر ، کۆلکە نۆژادرێکی مقیم ، TV و ڕادیۆیان هەبوو. بەڵام ، PUK ئەوانەی بەخۆشی خۆی نەکرد بوو، بەڵکوو شەق و فشاری خەڵکی ئازادیخواز و ڕۆژنامە و لایەنە سیاسییە پێشکەوتوخوازەکان و ڕێکخراوە مرۆڤدۆستە جیهانی و محەلییەکان بوو.



لەگەڵ ئەوەیشدا گەر زیندانەکە لەگەڵ هەر زیندانێکی فلان و فیسار وڵاتدا بەراورد بکرێت. دەبینرا زیاتر لە زیندانی کۆمەڵگایەك دەچێت کە نەگەیشتبێتە قۆناغی شارستانیەتێکی پێشکەوتوو !! خۆش سۆشیال دیموکرات ؟!

نموونە 1: بۆ 67 کەس 3 ئاودەستخانە هەبوو ، یەعنی هەر 22 کەس یەکێکیان بەردەکەوێت ، وەك گەرماویش بۆ خۆشتن بەکاردەهێنرا !!

2/ کە ژنانی زیندانییەکان بۆ کاری تایبەت سێکس دەهاتن بۆ لای مێردەکانیان شوێن یان ژوورێکی تایبەت نەبوو، تا بە ئیسراحەت ئەو غەریزە ئینسانییەی خۆیان ئەنجام بدەن !


3/ ژووری تایبەت بۆ کەسایەتی و گیراوە سیاسیەکان نەبوو. بۆ ماوەی 11 ڕۆژ منیان کردە ژوورێکەوە ، زووربەیان لەسەر کاری سیخووری گیرا بوون ، بەحساب ڕێزیان گرتووم و کردومیانەتە ئەو شوێنەوە !

*　　　*　　　*

ئەوە نەبێت زیندانییەکان بەو رەوشەی تیایدا بوون ، شوکر بن. پێش چەند مانگ لەبەرانبەر رەوشی خراپ و نامرۆیانە مانگرتنێکیان ئەنجامدا بوو. من بۆ خۆم شاهیدی کارێکی نارەزایەتی بووم : ڕۆژێ پێش چەژنی ئاییني قوربان 1996.4.27 لە ژووری مەوقوفان کەسێکیان بە کەفالەت ئازاد کردبوو ، توومەس ڤیتامین واوێکی بەهێزی هەبووە. ئەو کەسە بە جورمێکەوە گیرابوو : لەکاتی ئاربیجی نان بەیەکێ لە ڕێکخراوە فریاگوزارییەکانەوە دەستگیر کرابوو !

©Kurdistan Net

کەچی چەند کەسی تر لەهەمان ژووردا زیاتر لە چەند مانگ دەبوو بە ئیشتبە گیرابوون و بەدەستی ئەنقەست هێشتبویانەوە ! یەکێکیان بۆ نارەزایەتی دەربڕین لە بەرانبەر ئەو هەڵاواردنەدا ، بەمووس هەموو گیانی خۆی بڕی.




چاودێرێکی خەڵکی شاری خانەقین بەناوی یەدوڵڵاوە هەبوو ، چڕوچاوی لە ئەمنە کۆنەکان دەچوو ، لەسەر بازرگانی کردن بەتلیاکەوە گیرابوو ، هەوڵی ئەدا چاودێرێکی گوێلەمستی دائیرە بێت و تەسەروف لەگەڵ زیندانییەکاندا خراپ بوو.

ڕۆژی 1996.4.28 لەسەر چوونە سەرئاو لەگەڵ یەکێك لە هاوژوورەکەم کردی بە فەرتەنە، ئەوانیش توومەس دەمێك بوو داخ لەدڵ بوون لێی ، بۆ بەرگری لە هاوڕێکەیان بە هەر 14یان بە گژیا چوونەوە و باشیان لێدا.

یەکێ لە ئەفسەرە فەلەکان لەجیاتی ئەوەی لەمەسەلەکە بکۆڵێتەوە ، وێرای ئیهانەتی زۆری منالەکان ، یەك دوویەکیانی کردە ژووری ئینفرادییەوە و ڕێگری و فشاری زۆریان دروست کرد.

ئەوەبوو زیندانییەکان لەدژی ئەو ناهەقییە مانیان لەخواردن گرت، لەسەر داوای خۆیان ئەرزەوحاڵێکی جوانم بۆ نوسین ، تا بەهۆی کەس و کاریانەوە بیگەیەننە مامۆستا شاهۆ.

کە هەواڵی مانگرتنەکە بەنێو هۆڵەکانی تر گەیشت و بەرێوەبەری زیندان پێیزانی کەوتنە خۆیان. لەسەرەتا بۆ ترساندنیان ئەفسەرێکی تورەوتڕۆیان نارد. لەجیاتی هۆی مانگرتنەکە بپرسێت ئیهانەتی کردن ، یەکدوویەکیانی بۆ ژووری ئینفیرادیی دایە پێش خۆ ، زیندانییەکان قسەیان یەك بوو ، بۆیە ئەوانیش ڕێچکەیان بەست بۆ ئینفرادی. تا ئێوارە رەوشەکە درێژەی کێشا. ئیتر دوو لە زیندانییەکانیان بۆ لێکۆڵینەوە بانگ کرد ، بۆیان دەرکەوت ئەمان لەسەر هەق بوون ، هەموویان لە ژووری ئینفیرادی دەرهێنا ، کابرای چاودێریشیان سەرەکۆنە کردبوو ، بەو شێوەیە رەوشەکە ئاسایی بووەوە.

ئەو سەرکەوتنە بووە مایەی چاوکردنەوەی هۆڵەکانی تریش. لەبەر نەبوونی پۆلیسی چاودێری و دەوام نەکردنیان بەهۆی جەژنی ئاییني قوربانەوە ، چەند ڕۆژ بوو زیندانییەکان خزێنرابوونە ناو ژوورەکانیانەوە و نەدەکرانە بەرخۆر لە گۆرەپانەکەدا. یەکێ لە هۆڵەکان لەداخدا مانیان لەنان خواردن گرت.

ئەوەبوو چوارەم ڕۆژی چەژن و لەئەنجامی ئەو مانگرتنە ، بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ کردنیانە گۆرەپانەکە ، زیندانییەکان بەری رەنجیان چنییەوە و دائیرەیان بەزاند. هەر بەو بۆنەیەوە هۆڵەکان

©kurdistannet

نامەی پیرۆزباییان بۆ یەکتر نارد. بەڕێوەبەر بەیەکێ لە زیندانەییەکانی وتبوو : نەڵێن لەژێر فشار و زۆردا ، داواکارییەکانمان جێبەجی کردووە.

*　　　*　　　*

لە مواجەهەیەکدا ئەفسەرێکی سەرتاسی موسڵ (جەلال قەلأدزەیی) بۆ چاوەشی بەدیارمانەوە دانیشتبوو ، مەوقیفی دەفرۆشت ، گوایە دەزگا بەدناوەکەیان بۆتە ئوتێل میریدیانی پلەیەك و بارەگای ڕێکخراوی مافی مرۆڤی جیهانی ، ڕەچاوی خاڵەکانی مافی مرۆڤ دەکرێت ، بۆ ئیعتراف پێکردنی تاوانباران شێوازی توندوتیژی تەعزیبیان لابردووە.

بەڵام، هەر ئەو جەنابە ڕۆژی دواتر لەهۆڵەکەماندا نارەزایەتییەك ڕوویدا ، بەبەرچاومەوە ناماقوڵی دەرخواردی خۆیدا ، یەکدوو زیندانی بەر شەق و شەقازلەدا ، دوای ئیهانەت و سوکایەتیەکی زۆر کردنییە ژووری ئینفیرادییەوە !!

*　　　*　　　*

شەوێك مامۆستا شاهۆی بەڕێوەبەری گشتی ، سەردانی یەکێ لەهۆڵەکان زیندانییە دەستبەسەرکراوەکان سەر بە KDP دەکات. لەپرسیار و وەڵام بۆی دەردەکەوێت ، یەکێ لە زیندانییەکان لەکاتی چوونی بۆ وەرگرتنی مووچە لە هەڵەبجەی کۆن ، گیراوە و خەڵکی دێکەی خۆیانە. دەستبەجێ ئازادی دەکات !

کەچی هەر لەو شوێنەدا کە بە ژووری KDPیەکان ناسرابوو ، کوڕێکی گەنج سێ مانگ بوو بێ لێپرسینەوە خزێندرابووە ژوورەوە ، تەنیا لەسەر ئەوەی باوکی لە هەڵەبجەی کۆن (پ. م)ی KDP بووە !!

*　　　*　　　*

سادق هەورامی لەبەر کەمدەرامەتی و بۆ بەرێچوونی ژیانی ، یەکێك لەو کەسانە بوو کرێکاری دەکرد. بۆیان گێرامەوە ناوبراو لەکاتی لێکۆڵینەوەدا بۆ ئەوەی ئیعترافی پێ بکەن. پتڵی شووشەیان لەکۆمی بریوە !! خوشکەکەیان لاقە کردبوو !!

کەچی ئەو مرۆڤە ئەو قوربانییە لەمن ببوو بەدیکتاتۆر ، زۆر ڕوو هەڵماڵراوانە پێی وتم: ئێوەی کۆمۆنیست و مارکسی هەقە بسووتێنرێن ، چوونکە دژی ئایینن و خوا نەناسن و خوازیاری بەرەڵایی ژنانن !! هەر بەشتان زیندانە ، بۆ دانانیشن بەدەردی خۆتانەوە ، چاری ئەمانە ناکەن...!!

*　　　*　　　*

©Kurdistan Net

(پ. م) یەکی PUK یان هێنا ، نەزانرا لەسەر چی گیرابوو. یەك دەمی نەخایاند ، کردی بە هەڵلا ، خەریك بوو دورگای ژوورەکە هەڵتەکێنێ و جنێوی بەگەورە و بچوك ، باش و خراپی PUK ئەدا. وەختێ زیندانەوانەکان بەدەنگییەوە چوون ، هۆی نارەزایەتییەکەیان بۆ ئاشکرا بوو:

ئەو کەسە خۆی لەو عالەمە بەبەرزتر دەزانێ و بەشایستەی ئەو شوێنە نەدەزانی ، بەقەولی خۆی 18 ساڵە پێشمەرگەیە ، لەجیاتی رێزلێنان و دانانی لە ژووری تایبەت خستویانەتە ناو کەسانی دز و جەردە و سیخوور و پیاوکوژەوە. زیندانەکەیش هێندە پێشکەوتوو نەبوو تا ژووری سیاسی و تایبەتی تیا بێت ! بۆیە داواکەی رەتکرایەوە ، ئەویش نەیکردە نامەردی ژووری ئینفیرادی هەڵبژارد !!

*　　　　*　　　　*

یەکێ لە هاوزیندانەکانم لەسەر کاری سیخووری و دانانی ماددەی T N T بۆ حکومەتی عەرەبی ئێراقی گیرابوو ، و 7 ساڵیان دابوو بەتەنگەیدا. دوو ساڵی تەواو کردبوو تازە تەمەنی خۆی ئەدا لە 18 ! لەسەر قۆڵی ڕاستی بەگەورەیی وشەی کوردستانی بەرەنگی شین　بنی مەنجەل کوتا بوو !!

*　　　　*　　　　*

پۆلیسی ئاسایشی لێکۆڵینەوە ئەسکەندەر مەحمود_زۆر گێلانە ، وتی : ئێوە بۆ وا دەکەن ؟ هەر بە ئێمە فێرن و بە KDP ناوێرن ، ئەزانن ئێمە دیموکراتیترین.

پێم عەیب نەبوایە ، جرتێکم بۆ لێدەدا. بەڵام بەپرسیارێك ناماقووڵیم دەرخواردا : گەر وایە ئەی پێم ناڵێی لێرە چی دەکەم ؟؟

*　　　　*　　　　*

هەروەك چۆن لەسەردەمی حکومەتی یەگرتووی کوردستان و یەکەم شالیاری ڕۆشنبیری شێرکۆ بێکەس ، KDP لەبەر خاتری تورکیا پەلاماری هەفتەنامەی وڵات دا و بە تۆپزێ داین خست ! لە ساڵی 1996 دا هۆزانڤانێکی تر ، لەوە خراپتری لێوەشایەوە ، بە ماددەی 210 ی یاسای عقوباتی عەرەبی ئێراقی ئەمری گرتنی خۆم و داخستن و موسادەرەکردنی شتومەکی ئۆفیسی گۆڤاری ئەدەبی کرێکاری دەرکرد!

ئەو کەسە یان ئەو دادوەرە هۆزانڤان قوبادی جەلیزادە بوو !!

*　　　　*　　　　*

ئەو ئەفسەرە فەلەی　ئالان ، ئەمری دادوەری جێبەجێ کرد و هاتە سەرم و ڕاپێچی زیندانی کردم ، کوڕی هەنەرمەندی شێوەکار ئازاد شەوقی بوو !! هێندەی بزانم کوڕی حەمە موکری چیرۆکنووس



©Kurdistan Net

ئەفسەری ئاسایشە ، و کوڕی **حەمەفەریق حەسەنی** چیرۆکنووسیش دەرچووی کولێژی سەربازی **قەڵاچۆلانە** !!

* * *

پێش ئەوەی ئازاد بکرێم ، شەوێك لەبەرنامەی شەهیدانی تەلەفیزۆنی PUK دا یادی **عەلی چەلەبی** برامیان کردبووە ، کە لە کۆتایی مانگی چواری 1979 دا لەگەڵ پۆلێك (پ. م)ی **کۆمەڵەی رەنجدەران** دا کەوتنە بۆسەی جاشەکانی **زەرایەن** و گیانی لەدەست دا. باسی قارەمانییەتی ناو شار و شاخیان کردبوو. ئەوانەی بەرنامەکەیان دیبوو ، گاڵتەیان بەو ڕیاکاری و مەهزەلەیە هاتبووە ، وتبوویان : برای ئەو قارەمانە لە زیندانەکانی PUK دایە !!

* * *

**ئازاد تۆفیق**ی نووسەر و ئەندامی مەڵبەندی سلێمانی PUK، هەر کە بەیاننامە یان نارەزایەتی و ئیمزاکۆکردنەوەیەکم ئەنجام ئەدا ، مزایەدەی بەسەرمەوە دەکرد : – بزانە چەند دیموکراتین و....

هەرگیز شایەتمانم بە تەعبیرە ئایینییەکەی نا بەدیار پەیڤەکانیدا نەهێنا و دڵیم خۆش نەکرد.

کە زیندانی کرام 65 نووسەر و ئەدیب و هونەرمەند یاداشتمانەیەکیان بۆ ئازاد کردنم ئیمزا کردبوو.

ئەو هێژایە 2 جار ناوی نووسی بوو 2 ئیمزاشی کردبوو.

وەختێ ئازاد کرام و یەکترمان بینییەوە ، لێم پرسی : بۆچ 2 ئیمزات کردبوو ؟

بەتوورەییەوە : تەحەدایان دەکەم ، رەفتار فاشین.

وتم : ئەخیرەن هاتیتە سەر قسەم ، کەیPUK دیموکراتی بووە ؟

* * *

ژووری بەرێوەبەر بووو ، چل چاوی (نووسەر و هونەرمەند و ڕۆژنامەنووس و ئەدیب و ڕوناکبیر) جۆراوجۆر ڕەش ، شین ، قاوەیی ، سەوز – دەیانڕوانییە سەروسیمام و چاوەڕوانی وەڵامی پرسیارێك بوون ، کە نووسەرە عەینەك لەچاوە سەرماشوبرنجەکەیان لێی کردم : حەز دەکەین لەدەمی خۆتەوە بیبیستین ، ئایا عەزێتیان نەداوی ؟

پرسیارێکی تا بڵێی ساویلکانە و موحرج بوو ، ئێ مادەم وای لێهات بزماری خۆ بچەقێنم باشە ، ناکرێ خۆی لێنەبان کەم ، بەچاو سەرزەنشتی پرسیارکەرەکەم کرد : (جا ئێرە شوێنی ئەو پرسیارەیە ؟) نەخێر ، بۆ ئەو 10 12 ڕۆژەی ئێرە بەچی تێدەگەی ؟



©Kurdistan Net

ئیتر ڕووم وەرگێرا و بە ئاوازێکی سازگارتر درێژەم بە قساندا : خۆ لەبەر کاری سیخووری و ڕاوڕووت و دزی و بێرەوشتی نەگیراوم ، تا معامەلەیان لەگەڵمدا خراپ بووبێت ؟ سەربەرزم لەسەر ئۆپۆزسیۆن بوون و لەسەر هەوڵدان بۆ ژیانێکی مرۆڤانە و دنیایەکی باشتر گیراوم.

سیاسەت کردنیش ئاوایە ، گرتن و هەڵاواردن و سوکایەتی و برسێتی و زۆر شتی تری دیکەیشی بەدواوەیە.. لەڕاستیدا بەتەما بووم ڕۆژێ لەڕۆژان لەیەکێك لە نارەزایەتییەکاندا یان لە لاکۆڵان و شەقامێکدا بەدەستی پۆلیس و تیرۆریستانی ئیسلامی بەر گولله بدرێم ، کەچی جارێ وا دەرنەچوو ، بەزیندانی کردنم شکایەوە.

*                    *                    *

لەتایمی چوونە سەرئاو کردن ، بەپەنجەی دۆشاومژەی دەستە ڕاست ، یەك دوو جار ژەندمە هاوزیندانە نووستووەکەم.

بەخەبەر هات ، لەشوێنی خۆی چوار مشقی دانیشت ، بەهەردوو پشتی دەستی کەوتە هەڵگلۆفتنی چاو و برۆ رەشەکانی.

دەمێکە نووستووی ، وەختی دەست بەئاو گەیاندنە.

هەڵنەسایە سەرپێ و بڕوات ، لەسەرخۆ بەمهرەوە ڕووی دەمی تێکردم ، وتی:

– لێت تێکدام ، خەوم دەبینی ، پێکەوە بووین ، هەروەك بەعسی دوابڕاو گەڕابێتەوە وابوو. مەفرەزەی سارباز و ئاسایش و جەیشی شەعبی بەهەموو شوێنێکدا بڵاوببوونەوە ، بەربووبوونە گیانی خەڵکی. داوای پێناسیان دەکرد ، پیر و گەنجیان دەگرت.

زۆر سەیر بوو ، تارمایی ئاسا نەیان دەبینین ، بەبەردەمیاندا رەتدەبووین لێیان نەدەپرسی ن. بەسەر شۆستەی شەقامە گشتییەکاندا دەڕۆیشتین ، تۆ دائەنەویتەوە لە نێو چاڵە هەڵکەندراوەکانی کەنار شۆستەکان گوڵ ئا.. گوڵت دەڕواند.

تۆزێ ڕامام ، هیچم بۆ نەمایەوە ، ئەوە نەبێت بڵێم:

– وایە ، حکومەت هەرگیز لەگەڵ چاندنی گوڵێکدا نەبووە ، خەڵکی سەربەخۆیانە بیچێنێت !!

– بۆ خۆشت باش دەزانی لەسەر چاندنی گوڵی ڕاستی خزێندراومەتە ئێرەکانێ.

*                    *                    *

وەك سالانی ڕابردوو سەرقالی خۆئامادەکردن بووین بۆ ڕێزلێنان و پێشوازی کردن لە ڕۆژی جیهانی چینی کرێکار **یەکی ئایار** ، لەپڕ و ناوادە ڕۆژی 3 شەممە ڕێکەوتی 1996.4.23 کاتژمێر 10،30 ی



©Kurdistan Net

بەیانی ، مەفرەزەیەکی بەشی سیاسی دەزگای ئاسایش ، سەروکەللەیان دەرکەوت و دایان بەسەر نووسینگە و کتێبخانەی گۆڤاری **ئەدەبی کرێکاری** لە شەقامی **سابونکەران**.

ئەفسەرەکەیان وەك نوێنەری دەزگای ئاسایش خۆی ناساند ، قەناعەتمان نەکرد تا پێناسەکەی دەرنەخست.. داوای ئەمری تەفتیش و کیتابی دادوەرمان کرد ، بەبیانووی ئەوەی ئۆفیسەکە سیفەتی رەسمی نییە ، بۆیە پێویستی نەکردووە. بەتۆپزی حورمەتی پیرۆزی نوسینگەی ئەو گۆڤارەیان شکاند کە 8مین بڵاوکراوەیە کە **حکومەتی هەریم** مۆڵەتی پێداوە ؟

پێمان وتن : ئەم کارەتان هێرشە بۆ سەر ئەو یاسایەی خۆتان دەرتان کردووە و زۆرتان لەسەر دەکەوێت...هیچ نا یاساییەك نەکراوە و شتی شاراوە و نهێنیمان نییە.

ئیتر کەوتنە ئیرهابکردنی مەڵبەندی وشەی ناڕازی ، هەرچی دۆسییە و ئەرشیف و وێنە و نووسرا و کتێب و گۆڤار و مۆر و... هەبوو کەلەپچەیان کرد. خۆم و 2 ئامیری چاپ – تایپ کردنیان دایە پێش ، کە لە ئاپارتمانە دوو نهۆمییەکە هاتینە خوار ، سەیرم کرد ئەو 2 بۆردەیشی وەك پێشانگا بۆ کتێبان بەکارمان دەهێنا ئاوەڕووت کرابوو.

ڕووم کردە خەڵکە خربووەکەی ئەمبەر و ئەوبەری ئاپارتمانەکە و وتم : ئاگادار بن دەمبەن بۆ ئاسایش.

لەدائیرە بەدناوەکەی ئاسایش – ئەمن سابقەن ، بەڕێوەبەری زیندان ئەفسەر **ئازاد ڕەفعەت** ، بە توورەییەوە وتی : ئەمانەی تۆ بڵاوی دەکەیتەوە ، ئاژاوە و فیتنە نانەوەیە.

– نەخێر ، وانییە ، ئەوە دیدی ئێوەیە ، ئەگەر بڕیار بێت ئازادی و دیموکراتی هەبێت ، ئەوە کارەی من ئاسایی بەحساب دێت. بەڵام ، پێدەچێت هەر قسەر ڕووت بێت ؟! ئاگاهانە و بەرپرسانە کاری خۆم دەکەم. بەڵام ، مەرج نییە لەگەڵ ناوەرۆکی بابەتی نووسەراندا بم. خۆ PUK نیین تا ڕەخنە قبول نەکەین و سانسۆر دابنێین.

دیار بوو تاقەتی ئەوەی نەبوو گوێم لێبگرێت ، تا عەسرێکی درەنگ لەژوورێکدا دایاننام... سەربانە و سەربان بۆ شوێنێکی تریان بردم ، لەسەردەمی نەوجەوانیدا لەم بینایەدا چەند ساڵ بەشەو خوێندوومە. دووجاریش لەسەردەمی حکومی عەرەبە ئێراقییە داگیرکەرەکاندا تیایدا زیندانی کراوم. پۆلیسێك چەند پرسیاری لەبارەی شتە دەستبەسەردا گیراوەکان لێکردم ، بەهەمان شوێندا بردمیانەوە و کردمیانە ژووری دەستبەسەرکراوەکانی KDP.

بۆ ڕۆژی دوایی بردمیانەوە لای پۆلیسەکەی پێشوو... لەژوورێکی 26 نەفەری دایاننام... لەسەر داوای خۆم کردمیانە ژوورێکی 14 نەفەریەوە... ئیتر لێیان نەپرسیمەوە تا ڕۆژی ئازاد کردنم. چیرۆکنووس ڕەئووف بێگەرد و ڕۆژنامەنووس و شانۆکار یاسین قادر بەرزنجی بوونە کەفیلم.

*　　　*　　　*

وا بۆ 5 ساڵ دەچێت ، ڕێك دوای ڕاپەرین ئازاری 1991 وەك ڕۆژنامەنووس و نووسەر و ناشر – کتێبفرۆش کارم کردووە. لەو بوارەدا توانیومە شتێکی بەسیت بم. بێجگە لە کاری سەرنووسەری گۆڤاری ئەدەبی کرێکاری و پاشکۆ سیاسییەکەی ، سەرپەرشتیاری بڵاوکراوەی مانگانەی ڕێکخراوی بێکاران – خەباتی بێکاران یشم کردووە.

ڕۆژنامە نەماوە بەتایبەت ئەوانەی باڵی چەپی کۆمەڵگا ، بابەتی هەمەجۆرم تیایاندا بڵاو نەکردبێتەوە. بابەتەکانم زووربەیان لەخانەی ئەدەبی چینایەتی و بەرگریدا چەقیان بەستووە. بوونەتە جێی سەرنجی خوێنەران و بەپێچەوانەشەوە ببووە مایەی نیگەرانی بۆ زۆر لایەنی سیاسی.

بەتایبەت لەم یەکدوو ساڵەی دواییەدا گەرموگوڕانەتر لەبەرانبەر هەرکێشە و گرفتێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبیدا هاتبووینە وەڵام. ئەم بزافە پارتی دەسەڵاتدار – PUK و هێزە ئیسلامییەکانی بێزار کردبوو.خۆ گەر لەخاڵێکدا ڕەخنە لە ئیسلامییەکان گیرابێت ، پارتی دەسەڵاتدارمان لۆمە کردووە ، چوونکە ئەوان بەرپرس ئەوەل و ئاخیرن.

لەم دواییەدا هەوڵ دراوە لەکار مەقتەعی و جوزئی دەربچین ، گەر بۆچوونێك دەربڕابێت ، بەشێوەی بەرفراوان تەعمیم کراوە ، بەیاننامەکان بەتیراژی 1000-1500 دانەیی چاپ و بڵاودەکرانەوە. ئەم شێوە کارە گۆڤارەکە کردبووە جەمسەرێك و خەڵکی بەتاسووقەوە چاوەڕوانی گفت و لفتی بوون.

زۆرجار دڵ ئاوی نەدەخواردەوە ، بەتەنیا ئیکتفا بەقسەوباس و بیروڕای بزاڤ چینایەتی نەدەکرا ، بۆیە قسەوباسی خەڵکان و توێژە نارازییەکانی تریش بەتایبەت نووسەر و هۆزانڤانانی بێلایەنمان دووبارە کۆپی و بڵاودەکردەوە.

حەمەسەعید حەسەن ، لەچاو دەنگەکانی تردا پشکی شێری بەرکەوتبوو ، هەرچییەکیم گەیشتبێتە دەست یان پێمزانی بێت بڵاومکردۆتەوە. گرنگی دان بەو لەوەوە هاتبوو کە بابەتەکانی توند و هەجووئامێز بوون.نەك PUKو KDP بەڵکوو هێزە بچووك و چەپەکانیشی نەدوبوارد. بەڵام ، وەك ئەنتی PUK ناسراوە.

ئەمساڵ ، ڕێك لە مانگی نیساندا 3 پارچە شیعری هەجووئامێزی دیوانی هاژە و ئەو وتارەی وەك پێشەکی بۆ کتێبێکەی عوسمانی قالە منەوەر نووسیبووی ، دەرمهێنا و بڵاوم کردەوە. وتارەکە

©Kurdistan Net

هێرشێکی مورەکەز بوو بۆ سەر PUK ، هەروەك کەسێکی داخ لەدڵی KDP نووسیبێتی وابوو؟ بێدەسکاری خستمە ڕوو. بەڵام لە پەراوێزێکدا گازەندەم لە نووسەر کردبوو کە نەدەبووایە هەڵەی وای لێبوەشایەتەوە و بکەوتایەتە پاڵ یەکێ لەو دووانە.

دوا بابەت ناونیشانێکی سەرنج ڕاکێشم بۆ دانا – PUK تەقلە بەفیل لێدەدا. لە ناونیشاندا وەسفی (PUK)ە بەڵام ، لە ناوەرۆکدا شتێکی تر بوو. بەو هۆیەشەوە زۆری لێفرۆشرا ، تەحەمولی PUK ی پساند ، 3 ڕۆژ بەسەر بڵاوکردنەوەیدا تێپەری ، ئەوەبوو دەزگای ئاسایش پەرماری نوسینگەی داو ڕاپێچی زیندانیان کردم.

ئەوە 3 هەمین جارە لەو شوێن و بینایە لە 2 سەردەم و حوکمی جیاوازدا (دەسەڵاتی عەرەبە ئێراقییە داگیرکەرەکان و دەسەڵاتی کوردی) توند بکرێم. یەکەمجار ژمارەیەك خیانەتکاری کوردی وەك عەزیز عەقراوی بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی تەشریعی و تەنفیزی خۆیان کاندید کردبوو. لەسەر دڕاندنی پۆستەرێکی ئەو هەڵبژاردنە 15 ڕۆژ گرتمیان. جاری دووەم تاوانباری گۆڕبەگۆڕ ئاسۆی قومری گرتمی. لەئەنجامی ئەشکەنجەداندا هەردوو دەستم سەقەت بوون ، زیاتر لە 6 مانگ نانیان دەکرد بەدەممەوە. تەرك نەکردنی فیعلی موخالیف بوون ئاوایە... !

لە ساڵانی دوای ڕاپەڕین ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ هوشیاریان کردوومەتەوە :

– کورە مەکە ، وریابە ، ئەم پارتانە دیکتاتۆر و حیزفرسەتن ، دەتکوژن.

گەر وشەی تیرۆرم یاداشت بکردایە ، موبالەغە دەرناچێت گەر بڵێم ، دوو سێ کەرەت لە ڕۆژێکدا داویانە بە گوێمدا.

بەڵام ، کۆڵم نەداوە ، تاوەکو هاتووە گەرموگوڕانە تر کارم کردووە. ئەوە نەبێت پارتێکی دیاری کراو هانی دابێتم ، هاندەری سەرەکیم ، باری نالەباری خۆم و هاوچینەکانم بووە کە قابیلی قبول نەبووە و نییە ، بۆیە هەمیشە ئەوەی لەسەرەوە بووە ، دژی بووم. زۆرجاریش لەگەڵ باڵی چەپی کۆمەڵگایشدا ناکۆك بووم. جا ئێستا PUK گەرەکییەتی قسە و ڕەخنە و سەرزەنشتی ڕاستەخۆ و ناراستەوخۆ بەرەو ڕوو نەکەمەوە ! ■

02.4.30

©Kurdistan Net